**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیامی میدیایی و کاریگەرییەکانی لەسەر هۆشیاریی تەندروستیی هاووڵاتیان لەسەردەمی پەتای کۆڤید ـ19 و قەدەغەی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

**بەهات حەسیب قەرەداخی**
بەشی تەکنیکی میدیا،کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕیی هەولێر،زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، عێراق
bahat.ali@epu.edu.iq
**شوان ئادەم ئەیڤەس**
بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
shwan.adam@spu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**مێژووی توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٠/٥/١١

پەسەندکردن: ٢٠٢٠/٦/٧

بڵاو کردنەوە: بەهاری 2020

**وشە سەرەکییەکان:**

***Media messages, Health awareness, COVID-19, curfew,***

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، هەڵسەنگاندنی بۆ کاریگەرییەکانی پەیامی میدیایی لەسەر هۆشیاری تەندروستیی بەکارهێنەرانی میدیا لەبارەی کۆڤید_19وە کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش، ماوەی قەدەغەکردنی هاتووچۆی هەرێمی کوردستانی عێراقی لەنێوان 14ی ئادار بۆ 16ی نیسانی 2020، وەک کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە وەرگرتووە. پاش وەرگرتنەوەی 750ی وەڵامی بەرتوێژان و شیکردنەوەی داتاکانیان، ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە میدیاکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بەرتوێژان هەبووە و توانیویانە قەناعەتیان پێبهێنن کە پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن. ئەوەیش بەهۆی تێڕوانینی ئەرێنیی بەکارهێنەرانی میدیاکان بۆ شێوازی داڕشتنی پەیامی میدیایی لەگەیاندنی زانیاریی و ڕێنمایی پەیوەست بەخۆپاراستن لەپەتای کۆڤید_19و مەترسییەکانی. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەڤزیۆنە کوردیی و جیهانییەکان، سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانی زۆرینەی بەرتوێژان بووە و لەو چوارچێوەیەشدا

*Kurdistan Region*

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.2.01

زۆرتر پشتیان بە ژانری رۆژنامەوانیی هەواڵ و "هەواڵی بەپەلە" بەستووە و کەمتر دیداری تەلەڤزیۆنیی لەگەڵ پسپۆڕانی تەندروستییان بەلاوە گرنگ بووە. بەپێچەوانەشەوە، کەمینەیەک لەبەکارهێنەرانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا گرنگیی بەهیچجۆرە رێنمایی و پەیامێکی میدیایی نادەن و پێشیانەوە پابەندنابن. هاوکات بەرتوێژان زۆر بەگرنگی دەزانن، میدیاکان پەیامی ترس و بیم و هەواڵی ناخۆش کەمتر بکەنەوە و رەچاوی دۆخی دەروونیی وەرگرەکانیان بکەن. بەتایبەت لە سەروەختی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی و قەیرانەکان و کارەساتە سروشتییەکاندا.

## پێشەکی:

دوای ئەوەی لە کۆتا رۆژەکانی ساڵی 2019دا، جۆرێکی نوێی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای ناسراو بە (COVID-19) لە چاینا بەدەرکەوت، لە مانگە سەرەتاییەکانی ساڵی 2020 بەدواوە، بەخێرایی بەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبوویەوە و بووە هۆی تووشبوونی ملیۆنان کەس مردنی دەیان هەزار توشبوو. هاوکات بەهۆی تازەیی دەرکەوتنی ڤایرۆسەکەو نەبوونی پێکوتە (Vaccine)ی تایبەت بە بەرگری یان چارەسەرکردنیی، لەسەرتاسەری دنیادا پەیامی میدیایی جۆراوجۆر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستیی هاووڵاتیان بڵاوکرانەوە لەڕێی پەخش و رووماڵی راستەوخۆ یان گواستنەوەو داڕشتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، چاوپێکەوتن، بەدواداچوون، رێنمایی پزیشکیی لەبارەی پێشهات کاریگەری و گۆڕانکارییە نوێکانی کۆڤید_19ەوە، کە لەلایەن( WHO)رێکخراوی تەندروستیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە 11.3.2020 وەک پەتایەکی جیهانیی ناسێنرا بوو (World Health Organization.2020). ئەوەش وایکرد جیاوازیی ئاستی هۆشیاری بەکارهێنەرانی میدیا و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو پەیامە میدیایانەی پەخش و بڵاودەکرێنەوە، ببێتە جێی بایەخی توێژەران و نێوەندەکانی توێژینەوەی ناوخۆیی و دەرەکی. بەتایبەتیش کاتێک رێکخراوی یونسکۆ، داوایکرد چییتر ساختەهەواڵ (Fake News) و زانیاریی شێوێنراو بڵاونەکرێنەوەو ڕێگەیان پێ بگیرێت ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەرێی جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی رووماڵی میدیایی متمانەپێکراو ( Ireton & Posetti, 2018: 07).

لەگەڵ دەرکەوتن و تەشەنەسەندنی پەتاکەدا، ئەگەر رووماڵی بەردەوامی میدیایی و رۆڵی زانستە مرۆییەکانی دیکە نەبوایە، هەرگیز بەرهەمی کارکردنی زانستەکانی دیکەو توێژەرانیان ئەو رۆڵ و بایەخەی ئێستای نەدەبوو. بۆیە پێویستە ئەم تێڕوانینانە راستبکرێنەوە و گۆڕانکارییان تیدابکرێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، توێژەرانی میدیایی کۆڵیان نەداوەو سەرەنجام ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش بەرهەمهات

یەکەم : چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوە

1.1: بایەخی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لەچەند روویەکەوە سودو بایەخی خۆی هەیە. لەلایەک هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، لەرێی تێگەیشتن و وەرگرتنی رێنمایی تەندروستیی و زانینی ئاستی کاریگەریی و کاردانەوەی بەکارهێنانی میدیا و بەرهەمەکانی لەبارەی پەتایەکی جیهانیی وەک کۆڤید-19وە، سوودمەند دەبن. لەلایەکی دیکەشەوە، لەڕووی زانستییەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانیارییبەخشی گرنگ بۆ توێژی ئەکادیمیی و توێژەرانی بواری میدیای تایبەتمەندی تەندروستی. هەروەها دەبێتە هاندەرو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی زنجیرە توێژینەوەیەکی فرەپسپۆڕی دیکەی نزیک لەم بابەتە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش بۆ هەریەک لە بەکارهێنەرو بەرهەمهێنەرانی میدیا بایەخدار دەبن، لەرێی پەیبردن بەباشتر رووماڵکردن یان زیاتر پابەندبوون بە پێوەرەکانی رێسا پیشەییەکانی راگەیاندن لەکاتی کۆکردنەوە، داڕشتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، هەواڵ، رێنمایی و هۆشیاری تەندروستیی لەبارەی کۆڤید-19و پەتا هاوشێوەکانی دیکەوە.

2.1 : ئامانجەکانی توێژینەوەکە

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لەمانەی خوارەوە:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

I. تێگەیشتن لەئاستی هۆشیاری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو پەیامە میدیایانەی لەبارەی کۆڤید -19ەوە، پەخش و بڵاودەکرێنەوە.

II. هەڵسەنگاندنی سەرچاوە میدیاییەکانی زانیاریی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەبارەی کۆڤید-19ەوە.

III. بەراوردکردنی بەرزترین و نزمترن ئاستی بەکارهێنانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ چەشن و جۆرە جیاوازەکانی میدیای دێرین و نوێی کوردیی کە پەیام و زانیاری میدیایی دەربارەی کۆڤید-19، پەخش و بڵاودەکەنەوە.

IV. جیاکردنەوەی بەرزترین و نزمترین ئاستی بەکارهێنانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ژانرە رۆژنامەوانییانەی پەیامی میدیایی دەربارەی کۆڤید -19، پەخش و بڵاودەکرێنەوە.

3.1 : کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لە رێی ئەم چەند پرسیارە سەرەکییەی خوارەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کێشەی بنەڕەتیی توێژینەوەکە دەدات:

I. ئایا ئاستی بەکارهێنانی میدیای کوردیی و پەیامەکانی لەبارەی کۆڤید-19 ەوە، لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە چۆن و لە چ ئاستێکدایە؟

II. ئایا میدیای کوردیی و پەیامەکانی بوونەتە سەرچاوەی زانیاریی و هۆشیاریی تەندروستی بۆ هاووڵاتیانی کورد دەربارەی کۆڤید-19؟

III. ئایا کام چەشن و جۆری میدیای کوردیی بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی زانیاریی و هۆشیاری تەندروستیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەربارەی کۆڤید-19؟

IV. ئایا کام ژانری رۆژنامەوانیی میدیای کوردیی بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی وەرگرتن و بەدواداچوونی زانیاریی و هۆشیاری تەندروستیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەربارەی کۆڤید-19؟

4.1 : رێبازی توێژینەوەکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە لەرووی زانستییەوە، بە توێژینەوەیەکی پەسنی (descriptive study) هەژمار دەکرێت کە بۆ راییکردنی لایەنە کردەییەکەی و کۆکردنەوەی داتاکانی پشت بە رێبازی توێژینەوەی رووپێوی (surveying) دەبەستێت.

5.1 : رێگە و ئامرازی توێژینەوەکە

لەپێناو هەرچی زووتر و باشتر دەرخستن و بەرجەستەبوونی ئامانجەکانییدا، ئەم توێژینەوەیە پشت بە رێگەی توێژینەوەی چەندایەتیی و ئامرازی فۆرمی راپرسیی لەجۆری ئۆنلاین دەبەستێت کە رێبازێکی توێژینەوەی زانستیی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە مرۆییەکان، لەنێویشیاندا ئاستی هۆشیاریی بەکارهێنەرانی میدیا و چۆنیەتی مامەڵەکردنیانە لەگەڵ بەرهەمە میدیاییەکاندا. ئەویش لەرێی بەکارهێنانی فۆرمی راپێوی گوگڵ-ەوە کە خزمەتگوزارییەکی ئەلکترۆنیی هاوچەرخەو بەپێی خواستی توێژەر، پرسیارو بژاردە هەمەچەشنەکانی فۆرمەکەی پێدروستدەکرێت و پاشتریش لەرێی بڵاوکردنەوە یان ناردی بەستەر(link)ەکەیەوە، هاووڵاتیانی بەئامانجگیراو فۆرمەکە پڕ دەکەنەوەو بە راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ توێژەر، بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنیان و بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. دوای رێکخستنی پرسیار و بژاردەکان، بەچەندین شێوەی وەک ئیمەیڵ، ناردنی لینکی راپرسییەکە یان دانانی لە ئەکاونت و گروپەکانی ئاخاوتن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، ڤایبەر، واتس ئاپ، گەیەنرایە زۆرترین ژمارەی بەرتوێژان. لەپاش تێپەڕبوونی ماوەی 10 رۆژی تەواو، ژمارەی فۆرمە گەڕاوەکان گەیشتە 750 فۆرمی دروست.

6.1 : سنوری توێژینەوەکە

لەرووی شوێنەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق و دانیشتوانی هەریەک لەپارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی ، دهۆک و هەڵەبجە سنوری جوگرافیی توێژینەوەکە پێکدێنن. لەرووی کاتەوە، ماوەی نێوان 14ی ئادار بۆ 16ی نیسانی 2020 دەگرێتەخۆ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگرتن لەزیاتر بڵاوبوونەوەی کۆڤید-19، "قەدەغەی هاتووچۆ"ی بەچەند قۆناغێک لەهەر چوار پارێزگاکەو ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەڕین و یەکە کارگێڕییەکان راگەیاند. لەرووی مرۆییەوە، سەرجەم دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەگرێتەخۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە بەشداریی پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپێوی ئەم توێژینەوەیەیان کردووە. لەڕووی بابەتییشەوە، هەموو پەیامە میدیاییەکانی چەشنە جیاوازەکانی میدیا جیهانیی و ناوخۆییەکان دەگرێتەوە کە بەکارهێنەران سەرەڕای جیاوازیی ئاست و ئاڕاستەو تایبەتمەندییان وەک سەرچاوەی زانیاریی لەبارەی کۆڤید_19ـەوە بەکاریان هێناون.

7.1 : کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا، هەموو بەکارهێنەرانی میدیا لە هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ، کە تەمەنیان 20 ساڵ و بەرەو ژوورو خوێندەوارن ، کۆمەڵی توێژینەوەکە (research population) پێکدەهێنن . ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی هاونیشتمانیانی کوردزمان و جەختکردنەوە لەسەر جیاوازیی ڕەگەز، تەمەن، باری خێزان، ئاستی زانستییان. هەروەها مشتە (sample)ـی ئەم توێژینەوەیەش، لە جۆری مشتەی هەڕەمەکی (random sample)ـەو بەشێوەیەکی گشتیی بەکارهێنەرانی میدیای کلاسیک و نوێ و لەنێویشیاندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان .

8.1 : زانیارییە دیموگرافییەکانی بەشداربووانی ڕاپێوییەکە

| خشتەی 01: ڕەگەزی بەشداربووان | | |
|---|---|---|
| ڕەگەز | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| مێ | 294 | 39.2 |
| نێر | 456 | 60.8 |
| کۆی گشتی | 750 | 100 % |

بەپێی خشتەی 01، زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە کە دەکاتە 60.8% لە ڕەگەزی نێر و 39.2%یش لە ڕەگەزی مێ_ن. ئەوەش لەڕووی هاوسەنگی جێندەرییەوە، ڕێژەیەکی تارادەیەك باشە و بەڵگەیە لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی هەردوو رەگەز بەشـــداریيەکی کارایـــان لەبەرهەمهێنـــانی داتاکـــانی ئەم توێژینەوەیەدا هەبووە.

| خشتەی 02: باری کۆمەڵایەتیی بەشداربووان | | |
|---|---|---|
| باری خێزانی | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| هاوسەردار | 317 | 42.3 |
| سەڵت | 433 | 57.7 |
| کۆی گشتی | 750 | 100 % |

بەپێـــی خشتـــەی 02، ڕێـــژەی 57.7%ی بەشــــداران سەڵتن. واتا ژیانی هاوسەرگیرییان پێکنەهێناوە. هاوکات 42.3%ی بەشدارانی راپێوییەکە، ئەوانەن کە هاوسەردارن و چوونەتە نێو ژیانی هاوسەرگیرییەوە.

| خشتەی 03: گروپەکانی تەمەنی بەشداربووان | | |
|---|---|---|
| تەمەن | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| 20- 29 | 441 | 58.8 |
| 30 - 39 | 158 | 21.1 |
| 40 – 49 | 99 | 13.2 |
| 50 – و زیاتر | 52 | 6.9 |
| کۆی گشتی | 750 | 100 % |

لەخشـــتەی 03 دا، ئەوە دەردەکەوێت کە نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان کە تەمەنیان لەنێوان (20 بۆ 29

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵ)ە زۆرینەی بەشدارانی راپێوییەکە پێکدەهێنن بە رێژەی 58.8%. هەروەها گروپی تەمەنی ( 30 بۆ 39ساڵ) کە بە هەڕەتی لاویی هەژماردەکرێن لە ریزبەندی دووەمدا بە رێژەی 21.1 % دێن. هاوکات گروپی تەمەن ( 40-49ساڵ) بە رێژەی 13.2% و گروپی تەمەنی (50ساڵ و زیاتر) بە رێژەی 6.9 % دێن کە بەهەردوو گروپ تەنیا رێژەی 20%ی راپێوییەکە پێکدەهێنن. ئەمەش بەئاشکرا لەهەندێ رەفتار و هەڵوێستی دواتریاندا رەنگیداوەتەوە.

خشتەی 04: بڕوانامەی زانستیی بەشداربووان

| بڕوانامە | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
|---|---|---|
| ئامادەیی | 175 | 23.3 |
| دیپلۆمی دوای ئامادەیی | 243 | 32.4 |
| بەکالۆریۆس | 152 | 20.3 |
| ماستەر | 124 | 16.5 |
| دکتۆرا | 56 | 7.5 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

بەپێی خشتەی ژمارە 04، زۆرینەی بەشدارانی راپێوییەکە هەڵگرانی بڕوانامەی زانستیی دیپلۆمی دووساڵەی دوای ئامادەیین بەریژەی 32.4%. هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەییش بە رێژەی 23.3%، واتا نزیکەی 57%ی بەشداران کە هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی و دیپلۆمن ، لەرووی ئابوورییەوە بە هێزی کاری کارامەی نێوەند هەژماردەکرێن. لەپلەی سێیەمیشدا هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەرێژەی 20.3% دێن. بەدواییدا، هەڵگرانی ماستەر بەرێژەی 16.5% لە ریزبەندی چوارەم و هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆراش بەرێژەی 7.5% لە ریزبەندی پێنجەمدا دێن. لەم داتایانەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە 43%ی بەشداران لەهەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆیی و خوێندنی باڵان کە بە توێژە ئەکادیمییەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگە دەناسرێن. لێرەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە پێویستە کۆی وەڵامی پرسیارەکانی داهاتوو بەهەندوەربگیرێن، چونکە ڕەنگدانەوەی هۆشیاریی بەشێکی هەرە کاریگەری کۆمەڵگە دەبن.

| خشتەی 05: شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربووان | | |
|---|---|---|
| پارێزگە | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| هەولێر | 484 | 64.5 |
| دهۆک | 155 | 20.7 |
| سلێمانی | 89 | 11.9 |
| هەڵەبجە | 22 | 2.9 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

لەخشتەی ژمارە 05 دا، ئەوە بەڕوونیی دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە لە پارێزگای هەولێرە بەڕێژەی 64.5% و کەمترین ڕێژەش لە پارێزگای هەڵەبجەیە بەڕێژەی 2.9%. لەو نێوەندەشدا، پارێزگای دهۆک بەپلەی دووەم دێت بەڕێژەی 20.7% و سلێمانیش بەپلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی 11.9%. هەرچەندە توێژەران، ئامانجیان ئەوەبوو کە ڕێژەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە لەهەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا تارادەیەک یەکسان بن یاخود لەیەکەوە نزیک بن، بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکیی و هەبوونی کەموکورتیی لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان و بڕگەکانیاندا، زیاتر لە 100 فۆرم کە لە پارێزگەی سلێمانییەوە گەیشتبوون، بەناچاریی ڕەتکرانەوەو توێژەران هەژماریان نەکردن. لەپارێزگەی هەڵەبجەیشەوە، لەبەر هۆکارێکی نادیار ڕێژەی وەڵامدانەوەو بەدەنگەوەهاتن زۆر کەم و سنوردار بوو.

9.1 : توێژینەوەکانی پێشتر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو ماوەیەدا کە ئەم توێژینەوەیەی تێدا ئەنجامداوە ، ژمارەیەکی زۆر کەم توێژینەوەی میدیایی بە کوردی و بە زمانی تر لە بارەی پەیوەندیی میدیاو کۆرۆنا نووسراون . دوو توێژینەوەی خۆماڵی بە زمانی کوردی و توێژینەوەیەکیشمان بە زمانی ئینگلیزی بەسەرکردەوە . یەکەمیان توێژینەوەیەکی هاوبەشی مامۆستایەکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانییە لەگەڵ دوو مامۆستای زانکۆی گەرمیان (هێرش ڕەسوڵ، یادگار عەلی و دەشتی عەلی، 2020). لەبارەی ڕۆڵی فەیسبوک لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سەبارەت بەنەخۆشی کۆرۆنا . دووەم توێژینەوەش بەهاوبەشی لە نێوان چەند ئەکادیمیستێکی میدیای کوردی ، دەربارەی کاریگەرییەکانی کۆڤید_19 و دەرهاویشتەکانێتی لەسەر تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، ئەنجامدراوە. چەند توێژەرێکیش بەزمانی ئینگلیزی توێژینەوەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردۆتەوە بەئامانجی، هەڵسەنگاندنی پرۆگرامە بەردەوامەکانی دامەزراوەی تەلەڤزیۆنی نایجیریا (NTA) لەبارەی هەڵمەتەکانی هۆشیاریی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نایجیریادا (Effiong et al., 2020).

ڕووی لێکچوون و جیاوازیی ئەو توێژینەوانەو پەیوەندییان بەم توێژینەوەیەی بەردەست، زۆرتر لەوەدا بەدەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی گشتیی هەر سێ توێژینەوەکە، بەهاوبەشیی ئەنجامدراون و پەتای کۆڤید_19و دەرهاویشتەکانی بوونەتە جێی پرسیار و کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکان.

توێژینەوەی یەکەم لەجۆری توێژینەوە پەسنییەکانەو ڕێکاری ڕووپێوی و فۆرمی ڕاپێوی تێدا بەکارهاتوە، بەتەنیا بژاردەیەک لە مامۆستایانی زانکۆی گەرمیانی وەرگرتووە. گرنگترینی ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە : (فەیسبوك)ـی کوردزمانان بە شێوەیەکی گشتیی و لە ڕێگەی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانییەوە، توانیویەتی ڕۆڵ لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سەبارەت بە پەتای (کۆرۆنا) لە هەرێمی کوردستاندا بگێڕن. مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان گرنگیی بەو هەواڵو زانیارییانە دەدەن کە دەربارەی پەتای (کۆرۆنا) لە ڕێگەی (فەیسبوك)ەوە بڵاودەکرێنەوە. بەرتوێژان، بە شێوازی جیاواز بەشداریی دەکەن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریی سەبارەت بە (کۆرۆنا) و لەو بورەشدا (فەیسبوك) بەکاردێنن . زۆرینەی بەرتوێژان، هەمو شێوازەکانی خستنەڕوی پەتای (کۆرۆنا) یان لە فەیسبوك (ئەکاونت، پەیج، گروپ)و لە ڕێگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خزمەتگوزارییە جیاوازەکانییەوە پەسەندکردوە، لەوانە: بەشێوەیەکی قوڵ لایەنە جیاوازەکانی نەخۆشییەکە روماڵدەکەن، وەك رووداوێکی گەرمو مەترسیدار مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. زۆرینەی بەرتوێژان، هەمو رێگاکانی بەکارهێنانی (فەیسبوك) بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەسەر نەخۆشیی (کۆرۆنا) بە پەسەند دەزانن .

لە تویژینەوەی دووەمدا بەناونیشانی (کاریگەرییەکانی کۆڤید_19 و دەرهاویشتەکانی لەسەر تەلەڤزیۆنە کوردییەکانتوێژەران ( پ.ی.د.نەزاکەت حسێن سەعید لە زانکۆی سلێمانی، م.د.شوان ئادەم ئەیڤەس و م.ی.هەرێم کەریم غەفور ، 2020 ) لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کاریان لەسەر دۆزینەوەی کاریگەرییە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی کۆڤید_19 لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام و داهاتی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان کردووە، بەتایبەت لە سەروەختی بڵاوبوونەوەی پەتاکە و بڕیاری هەرێمی کوردستانی عێراق دەربارەی قەدەغەی هاتووچۆ. لەو چوارچێوەیەشدا، 98 راگەیاندنکار و رۆژنامەوان لەگەڵ چوار کۆمپانیای بەرهەمهێنانی ریکلام و سێ کەناڵی ئاسمانیی و زەمینیی کوردی، وەك مشتە و کۆمەڵی توێژینەوەکە وەرگیراون. بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکەش، لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا کۆڤید_19و دەهاویشتەکانی خۆپاراستن لێی، کاریگەریە نەرێنییەکانی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی پرۆژەی گەورەی ڤیدیۆیی هەریەك لە کۆمپانیاکانی "سولی میدیا، ئایدی میدیا، یونیك ئینجین و ستارت سەنتەر" هەبووە. هاوکات کاریگەریی لەسەر سەرچاوەکانی داهاتی ریکلامی کەناڵە زەمینییەکانی فاڵکۆن زیاتر و لەسەر کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێن ئاڕ تیی و پەیام کەمتر بووە. ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونی باوی زۆرینەی راگەیاندنکار و رۆژنامەوانانی کردەیی نێو میدیا جیاوازەکانە کە "هاوڕان" لەگەڵ ئەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەتای کۆڤید_19و دەرهاویشتەکانی بەجۆرێکە، دەبێتە هەڕەشە لەسەر مانەوەو بەردەوامیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان

لە توێژینەوەی سێیەمدا، کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکدێت لە 12104 کەس لەوانەی لەبواری چاودێریی پزیشکیی نەخۆشخانە فێرکارییەکانی هەر چوار زانکۆی Uyo، Port Harcourt، Benin و Calabar کاردەکەن. لەکۆی ئەو ژمارەیەش، بە مشتەی هەڕەمەکیی سادە، 320 لێتوێژەر هەڵبژێردراون (Ibid.). ئەنجامەکانیشی ئەوەیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشانداوە کە بەشداربووانی ڕێپۆیییەکە پێیانوایە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە تەنیا لە چوارچێوەی چەند پرۆگرامێکدان . زۆرینەی پرۆگرامەکان بە ڕێژەی 70% بۆ گۆرانیی میللی ( Jingles) و گفتوگۆی تەلەڤیزیۆنی ( Talk programme)، ڕێژەیەکی زۆر کەمیش بۆ دیداری تەلەڤیزیۆنی و فیلمی دۆکیومینتاری تەرخانکراون. ڕێژەی ئەوانەی سەیری پرۆگرامەکانی تەلەڤیزیۆنیش دەکەن تەنها 6.6% ی بەشداربووانی ڕاپێوییەکە بوون . ڕاسپاردەی سەرەکیی توێژینەوەکەش بۆ دەزگای تەلەڤیزیۆنی نایجیری( NTA)، پەرەپێدانی هەڵمەتەکانی هۆشیاریی تەندروستی و بەڕۆژانەکردنی ئەو پرۆگرامانەیە کە ئامانجیان هۆشیاریی تەندروستییە.

10.1 : چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

1.10.1: پەیامی میدیایی؛ مەبەست لێی، ئەو بەرهەم و پەیامە میدیایانەیە کە بەشێوەی بینراو، بیستراو، چاپکراوو دیجیتاڵیی چاپ و پەخش و بڵاودەکرێنەوە و دەگەنە وەرگران. بەتایبەتر ئەو پەیامە میدیایانەی کە بە زمانی کوردیی ئاڕاستەی جەماوەرێک دەکرێن زۆرتر خوێندن، نووسین، بیستن و قسەکردنیان بەزمانی کوردییە.

2.10.1: کاریگەریی میدیایی؛ گۆڕینی تێڕوانین و قەناعەتپێهێنانی جەماوەر یان بیرکردنەوەو رەفتارکردنییەتی لەرێی ئەو بەرهەمانەی لە میدیاکانەوە پەخش و بڵاودەکرێنەوە. ئەویش، بەئامانجی بەجێهێشتنی کاریگەریی میدیایی لەسەر ئاستی هۆشیاری وەرگر، بەشێوەیەکی ئەرێنیی یاخود نەرێنی. لەم نێوەندەشدا، زۆرجار پشت بە هەڵمەتی میدیایی دەبەسترێت کە پلانێکی پێشوەختە ئامادەکراوە و ئامانج لێی، جەختکردنەوەیە لەسەر پرسێکی دیارییکراو.

3.10.1: هۆشیاری تەندروستی؛ مەبەست لەو رێنمایی و رێوشوێنە تەندروستانەیە کە میدیاکان بەشێوازی جیاجیا و لەرێی هەڵمەتی میدیاییەوە، چاپ و پەخش و بڵاوی دەکەنەوە و کاریگەریی لەسەر بەکارهێنەرانی میدیاکان دروستدەکەن. ئەوەیش، بەئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی پەیپێبردن بەنیشانەکانی نەخۆشی پەتای ڤایرۆسی نوێی کۆرۆنا و چۆنیەتی خۆپاراستن و ڕێگرتن لە زیاتر بڵاوبوونەوەی لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4.10.1: کۆڤید_19 یاخود (Corona Virus Disease (COVID-19) Pandemic)؛ جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنایە ، لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2019دا لەشاری وهانی چین دەرکەوت و دواتر بۆ وڵات و هەرێم و ناوچەکانی تری جیهان گوێزرایەوە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) ئەم پەتایەی وەک نەخۆشییەکی درم ناساندووە کە هۆکارەکەی بۆ جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگەڕێتەوە و سەر بە خێزانێکی گەورەی ڤایرۆسەکانن و لەرێی بەریەککەوتن و پرژەی کۆکەو پژمینی نەخۆشەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەوروبەرەکەی و رەنگە ببێتەهۆی مردنی تووشبووەکان ، بەتایبەت ئەگەرهاتوو سیستمی بەرگریی لەش لاواز بوو. ئەم ڤایرۆسە کاریگەریی و کاردانەوەی لەسەر زۆر بوار و کایەی جیاواز هەبووە و دەبێت. ئەویش بەهۆی نەبوونی چارەسەرو پێکوتە لە دژی لە جیهاندا کە بۆتە مایەی بەزوویی بڵاوبوونەوەی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی (ماڵپەری یونسکۆ، 2020).

5.10.1: قەدەغەی هاتووچۆ ؛ راگەیاندنی ماوەیەکی دیارییکراوی قەدەغەکردنی هاتووچۆی هاووڵاتیانە چ لەرێی ئوتۆمبێل و چ بە پیادە، بەئامانجی رێگرییکردن و هەوڵدان بۆ چاودێرییکردن و کۆنترۆڵکردنی دۆخێکی نەخوازراو. لێرەدا مەبەست لێی؛ راگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆیە لەسەرانسەی هەرێمی کوردستاندا بەمەبەستی سنوردارکردنی پەتای جیهانیی کۆڤید_19و کەمتر بڵاوبوونەوەی.

6.10.1 : مەیلداریی ئەقڵی (الاستماله العقليه) جۆرێک لە گوتارە کە ڕووی لە هزرو لۆژیکی وەرگرە پشتئەستوور بە خستنەڕووی بەڵگەو ئەرگۆمێنت( عبدالحميد ، 2000 ) .

7.10.1: مەیلداریی سۆزداری ( الاستمالة العاطفية ) جۆرێکە لە گوتار کە سۆزو ویژدانی وەرگر بە ئامانج دەگرێ و کار لەسەر وروژاندنی پێویستییە دەروونییەکانی دەکات .( مکاوی حسن ، 1998 ) .

8.10.1 : مەیلداریی ترساندن ( الاستمالة التخويفية) جۆرێکە لەگوتار ، مامەڵە لەگەڵ ئەو مەترسییانە دەکات کە ئەگەری سەرهەڵدانیان هەیە لە کاتی جێبەجێنەکردنی ڕاسپاردەو ڕێنومایییەکانی پەیامدەردا.(جهشان موريس، 2005)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

### 2 . 1: کۆڤید_19 و پەیامی میدیایی

ئەم پەتا جیهانییە هێند بەخێرایی تەشەنەیسەند، هەر زوو هاوشێوەی جیهانگیری (globalization)، جیاوازییەکان و سنورە سروشتیی و دەستکردەکانی نێوان وڵاتانی تێکشکاند و سەراپای جیهانی بەسەر دوو قۆناغی پێش و پاش دەرکەوتنی خۆیدا دابەشکرد. لەروبەڕوبونەوەی پەتاکەشدا، جەنگاوەرە راستەقینەکانی ئێستا: پزیشکەکان، دەرمانسازەکان و تاقیگە بایۆلۆجییەکانن. ئیتر "لێرە بەدواوە گەڕانەوە بۆ خودو ڕاچڵەکان و خۆناسین، لایەنە هەرەباشەکەی ئەم جەنگەیە." (بەهرۆز جەعفەر، 2020). بەدەربڕینێکی دیکە، بەکارهێنەرانی میدیا لەسەروەختی دەرکەوتن و پەرەسەندنی کۆڤید_19دا، پێویستییان بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خودییە بۆ خۆناسین و خۆپاراستن و خۆبەدوورگرتن لەم پەتا جیهانییە. لەم سۆنگەیەشەوە، پەتای کۆڤید_19و کاریگەرییەکانی لەسەر بەرهەم و پەیامی میدیا و میدیاکارانی هەرێمی کوردستان و ئاستی هۆشیاری تەندروستیی هاووڵاتیان لەبارەی رێنمایی و رێوشوێنەکانی خۆپارێزیی لەو پەتایە، بووەتە بابەتێکی جێسەرنج بۆ توێژەران. هەربۆیە کۆڤید_19و دەرهاویشتەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، لە کەرتی گشتیی و تایبەتیی و سەرجەم کایەکاندا، زۆر و هەمەچەشنن. ئەوەش وایکردووە، گۆڕانکاریی خێرا لە شێوازی بەرهەمهێنان و بەکارهێناندا بەدەرکەوێت و بەبەردەوامیی بیر لە دەریچە و رێگەچارەی نوێ بکرێتەوە. بەتایبەتر لە ساتەوەختی قەدەغەکردنی هاتوچۆی گشتیی و ناچارکردنی هاووڵاتیان بۆ مانەوەیان لەماڵەکانیان و پابەندبوون بە رێنماییە پزیشکیی و تەندروستییەکان. ( dw.com- 2020)ئەوەیش وایکردووە بڵاوکردنەوەی رێنمایی و هۆشیاری تەندروستیی و شەڕی روبەڕوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پەتا هاوشێوەکانی بەپلەی یەکەم بکەوێتە ئەستۆی میدیاکاران و ئەو پەیامە میدیاییانەی بەرهەمی دەهێنن و دواتر پەخش و بڵاویدەکەنەوە، هەر بۆیە ( چەمکی میدیای تەندروستی) و( هۆشیاریی تەندروستی ) وەک پێویستییەکی ژیاری لە مێژە لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە.( ایمن مزاهرة، 2009 ) لە هەرێمی کوردستانیش لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناو قەدەغەی هاتووچۆدا میدیای تەندروستی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد . میدیای تەندروستی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژانرێکـی میـدیایە کە تایبەتمەنـدە بە خسـتنەڕووی هەر بـابەتێکی پەیوەندیـدار بە تەندروستییەوە. ئامڕازێکی سەرەکیی پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی جەماوەرییە لە کایەی تەندروستی و ژیانی تاک وکۆمەڵگەدا، لەڕێی گشت کەناڵەکانی میدیاوە ، بە بیسراوو خویندراوو بینراویەوە، بە سازکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیاری و ڕێپۆرتاژو پرۆگرامی ئەمانجدار.( شوق اسعد محمود ، 2012 )

لەگەڵ پەرەسەندنی کۆڤید_19و ناساندنی وەک پەتایەکی جیهانی، میدیاکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییدا گۆڕانکارییان بەسەر شێوازی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیاییەکانی خۆیاندا هێنا. ئەویش لەڕێی بەرپاکردنی هەڵمەتێکی میدیایی بۆ هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەرانی میدیاکانیان لە پێشهات و زانیارییەکان لەبارەی پەتاکەو پێویستیی خۆپاراستن لێی، بەتایبەت کاتێک لەپەتاکە خێراتر، پەتای زانیاریی تۆقێنەر (infodemic) بلآوبۆوە کە ئامانج لێی دروستکردنی دۆخێکی دەروونیی شێواوە بۆ ئەوەی وەرگر تووشی ترس و تۆقین و دڵەراوکێ بکات. ئەویش لە دەرەنجامی بیستن و بینین و خوێندنەوەی زانیاریی نادروست و هەواڵی شێواوی نیوەناچڵ و پەیوەست بە قەیرانە جۆربەجۆرەکان و کارەساتە سروشتیی و دەستکردەکان (Ireton & Posetti, 2018). لەو نێوەندەشدا، بەهۆی ئەوەی ئەمجۆرە ڤایرۆسەی کۆرۆنا نوێییەو بوەتە نەخۆشییەکی مەترسییدار، زانیاریی باوەڕپێکراوی پزیشکیی و ڕێنمایی پشتڕاستکراوەی تەندروستیی لەبارەیەوە تاڕادەیەک سنوردارە، هەربۆیە لەگەڵ زیاتر بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید_19دا، پەتای ئینفۆدێمیکیش زیاتر تەشەنەیسەند.

لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی ترسی لەدەستدانی گیانیان و لەپێناو هەرچی زیاتر مانەوەی خۆیاندا، خەڵک پەنادەبەنە بەر هەرجۆرە قسەوباسێکی تایبەت بە پەتاکە، ئەگەرچی ناڕاست و نەسەلمێنراوو شێوێنراویش بێت. ئەوەیش وادەکات پەیج و ئەکاونتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زووترو زیاتر ببنە میدیای جێگرەوەی میدیا باوەکان و وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی وەرگرتنی زانیاریی و رۆشنبیرییان ڕۆڵبگێڕن. بۆیە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)، ناچاربوو هەرزوو هۆشداری لەبارەی مەترسییەکانی خێرا بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و پەتای زانیاریی تۆقینەر بدات و بە

بەردەوامیی کار لەگەڵ کۆمپانیاکانی توێژینەوە و میدیای نوێی هاوشێوەی گووگڵ، فەیسبوک، تویتەر، تیکتۆک، یوتیوب و هاوشێوەکانیان بکات، بەئامانجی بەرگرتن لەبڵاوبوونەوەی واتەوات و زانیاریی ناڕاست یان شێوێنراو. لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو دووجۆرە پەتا سنوربڕە، میدیا جیهانیی و ناوخۆییەکان بەپێی گەورەو بچووکیی و ئاستی کاریگەرییان، زیاترو زووتر ناچار بەپێداچوونەوەی پەیامی میدیایی دەکرێن. بەجۆرێک کە پەیامەکانیان بۆ جەماوەرەکانیان قەناعەتپێکەر بێت و بەو هۆیەشەوە باشترو زووتر خۆیان لەدەرهاویشتەکانی پەتاکان بپارێزن و سنوری بڵاوبوونەوەیان بەرتەسک بکەنەوە. هەروەك د. تیدروس ئەدهانۆم خیبرییسوس؛ بەڕێوبەری رێکخراوی تەندروستیی جیهانیی لە کۆنگرەی 2020ی ئاسایشی میونشن لەئەڵمانیا وتی: "ئێمە هەر شەڕی پەتای کۆرۆنا ناکەین، بەڵکو شەڕی پەتای زانیارییش دەکەین" (ماڵپەری رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، 2020). هەربۆیە، لە رۆژگاری بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێی میدیاو بەربڵاوی بێسنوری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ساختەهەواڵ خێراترو ئاسانتر لەڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاودەبێتەوە کە ئەوەش هەمان مەترسیی پەتاکەی هەیە.

2.2: کۆڤید_19 و بەکارهێنەرانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا

لە هەرێمی کوردستاندا، هاووڵاتیان بەگشتی و میدیا و میدیاکاران بەتایبەتیی بەسەر لایەنگرو رکابەری ئایدۆلۆژیای حزبەکاندا دابەش بوون، لەو نێوەندەشدا، نەبوونی میدیایەکی نیشتمانیی کە هەلی چوونیەك و یەکسان بۆ هەمووان پڕەخسێنێت، کەلێنێکی گەورەی بەردەم پرۆسەی گواستنەوەی ئەزموونی فەرمانڕەوانیی ئەم هەرێمەیە لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی (Syan, 2017).
ئەوەی تێبینییدەکرێت، زۆرینەی میدیاکانی هەرێمی کوردستان بەجیاوازیی سەرچاوەی داهات و دارایی و پاشخانی سیاسییانەوە؛ لەسەروەختی بڵاوبوونەوەی کۆڤید_19و مەترسییەکانی لەسەر دانیشتوان، هەڵمەتێکی شێوە نیشتمانیی میدیاییان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تەندروستیی جەماوەرەکانیان دەستپێکرد. بەجۆرێک زۆربەی بابەتی پرۆگرام و چاوپێکەوتن و هەواڵەکانیان بۆ بەخشینی زانیاریی و رێنمایی پزیشکیی تەرخانکرد. ئەمەش یەکەم تاقیکردنەوەی میدیای کوردیی بوو لەمامەڵەکردن لەگەڵ پەتایەکی جیهانیی وەک ڤایرۆسی نوێی کۆرۆنادا. لەو مامەڵەکردنەشدا، هاوشێوەی میدیا جیهانییەکان، بەشێک لەمیدیا کوردییەکان بەخواستی خۆیان بێت یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەبێ خواست و لەنەشارەزاییەوە بێت، بەشداربوون لەدروستکردنی دۆخێکی دەروونیی شێواو بۆ وەرگر.

لەدەستپێکی راگەیاندنی ماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، دۆخێکی پڕ لە شڵەژان و تۆقینی وەها دروستکرا کە بەشێکی زۆری هاووڵاتیان ترسان لەوەی چیتر پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەیان دەستنەکەوێت. بۆیە هەر زوو کۆڤیدژەکان* بوونە هۆی دروستکردنی قەرەباڵغیی لەشوێنە گشتییەکان بۆ ماشینەوەی کەلوپەل و خواردەمەنیی نێو سوپەرمارکێتەکان و قەیرانی دەستخستنی بەنزین یاخود بەهەندوەرنەگرتنی مەترسییەکانی پەتای ڤایرۆسی نوێی کۆرۆناو و گاڵتەکردن بەوانەی پابەندبوونی خۆیان بەرێنماییە تەندروستییەکان راگەیاندبوو بۆ بەکارهێنانی دەستکێش و دەمامک و مانەوە لەماڵەوە یان کەنارگیریی لەخەڵک و تێکەڵاونەبوونیان.
سێیەم : رێکخستن و شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە

لەو 750 فۆرمە دروستەی بەدەستمان گەیشتەوە ، خشتەی وەڵامەکانی پرسیارەکان ئامادەکران و لێرەشەوە شیکردنەوە بۆ داتا بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە دەستپێکرد.

1.3: رادەی بایەخدان بە پەیامی میدیایی نوێ لەبارەی کۆڤید_19ەوە

خشتەی 06: ڕادەی بایەخدانت بە هەواڵ و بابەتی نوێ لەبارەی کۆرۆناوە لەڕێی میدیاوە لە چ ئاستێکدایە ؟

| ئاستی بایەخدان | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| --- | --- | --- |
| بەبەردەوامی بایەخی پێدەدەم | 402 | 53.6 |
| بەگوێرەی پێویست بایەخی پێدەدەم | 294 | 39.2 |
| زۆر بەکەمی بایەخی پێدەدەم | 54 | 7.2 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەخشتەی ژمارە 06 دا، هەروەک چاوەڕێ دەکرا زۆرینەی بەشداران کە دەکاتە 53.6% "بەبەردەوامی" بایەخ بە هەواڵ و بابەتی نوێ لەبارەی پەتای کۆڤید_19 دەدەن. لەپلەی دووەمیشدا، رێژەی ئەوانە دێن کە "بەگوێرەی پێویست" بایەخی پێدەدەن و 39.2%ی رێژەی بەشداران پێکدێنن. لەو نێوەندەشدا، کەمینەیەک بە رێژەی 7.2% "زۆر بەکەمی" بایەخی پێدەدەن. لەم ژمارانەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە نزیکەی 93%ی بەشدارانی راپێوییەکە هەواڵ و بابەتی نوێی پەیوەست بە پەتاکەو دەرهاویشتەکانیان بەلاوە گرنگەو وەک پێویست بایەخی پێدەدەن کە ئەوەش دەکرێت بە نیشانەیەکی ئەرێنیی و بەرزیی ئاستی هۆشیارییان لێکبدرێتەوە.

2.3: هۆکارەکانی بایەخدان بە پەیامی نوێی میدیایی لەبارەی کۆڤید_19ەوە

خشتەی 07: بۆچی بەدوای هەواڵ وبابەتی نوێوەیت لەبارەی کۆرۆناوە لەڕێی میدیاوە ؟ لەناو ئەم بژاردانەدا ، هۆکاری هەرەسەرەکییت دیاریبکە :

| هۆکاری سەرەکی | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
|---|---|---|
| بۆ دەسکەوتنی زانیاریی زیاتر لە بواری خۆپارێزیدا | 342 | 45.6 |
| بۆ تێگەیشتن و شارەزایی زیاتر لە بارەی کۆرۆناوە | 295 | 39.3 |
| لە ناچاری و لەبەر ئەوەی باس هەر باسی کۆرۆنایە | 96 | 12.8 |
| لە بێئیشی و دەسبەتاڵیدا | 17 | 2.3 |
| کۆی گشتی | 750 | 100 % |

لەخشتەی ژمارە 07 دا، ئەوە دەردەکەوێت کە رێژەی هەرەبەرز لە ریزبەندیی هۆکاری بایەخدانی بەشداران بە بابەتی کۆرۆنا لەرێی میدیاوە بۆ بژاردەی "دەسکەوتنی زانیاریی زیاتر لە بواری خۆپارێزیدا"یە بەرێژەی 45.6% کە دەکاتە نزیکەی نیوەیان. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هۆشیاریی زۆربەیان لەچوارچێوەی ترس و خۆپارێزیدایە. لە ریزبەندی دووەمیشدا بژاردەی "تێگەیشتن و شارەزایی زیاتر لەبارەی کۆرۆنا" دێت بەرێژەی 39.3%

کە بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە هۆشیاریی ئەم توێژەیان قۆناغی ترسی تێپەڕاندووەو بەدوای تێگەیشتنی زیاترەوەیە لەم پەتایە. ڕێککەوتیش نییە کە ئەم ڕێژەیە نزیکە لە ڕێژەی خاوەن بڕوانامە ئەکادیمییەکانەوە کە 43%ی بەشداران بوون. ئەوانەش کە "بەناچاری و لەبەر ئەوەی باس هەر باسی کۆرۆنایە"، بۆیە بایەخ بەم بابەتەدەدەن، ڕێژەیان گەیشتۆتە 12.8%. ئەم ڕێژەیەش کەم نییەو تێبینیی ئەوە دەکرێت کە میدیا هەژموونی خۆی هەیە و هەندێجار مرۆڤەکان ناچار بە بەرکەوتنی پەیامەکانی دەکات. لەو نێوەندەشدا، ڕێژەیەکی هەرە کەم کە دەکاتە 2.3%، لەوانەن کە

بەهۆکاری "بێئیشی و دەسبەتاڵی" بایەخ بەم بابەتە دەدەن کە ئەمانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان سەر بەو توێژەن کە هەژموونی میدیا ناچاریان دەکات بەرکەوتنیان لەگەڵ پەیامەکانییدا هەبێت.

3.3: سەرەکیترین کەناڵی میدیایی بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەبارەی کۆڤید_19ەوە

| خشتەی 08: کام لەم کەناڵانەی میدیا سەرەکیترین سەرچاوەی زانیارییە بۆ تۆ لەبارەی کۆرۆناوە؟ | | |
|---|---|---|
| کەناڵی سەرەکی | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: فەیسبووک ، تویتەر ، ئینستگرام و.... هتد | 347 | 46.3 |
| کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن (کوردیی و جیهانی) | 251 | 33.5 |
| سایت و پۆرتاڵەکانی ئینتەرنێت | 144 | 19.2 |
| ئێستگەکانی رادیۆ (کوردیی و جیهانی) | 8 | 1.1 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

لەخشتەی ژمارە 08 دا، ئەو راستییە دوپاتبوەتەوە کە لەم سەردەمەدا زۆرینەی نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان (پێشتر لەخشتەی ژمارە 03 دا بە 58%ی بەشدارانی

ڕاپێوییەکە خەملێنران)، وابەستەی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن. ئەوەتا لەم خشتەیەشدا، 46.3%ی بەشداران، سەرچاوەی سەرەکییان بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و هەواڵ دەربارەی کۆڤید_19 بریتییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتەر، ئینتستگرام و ئەوانیدیکە. بەدوای ئەویشدا، کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیی و جیهانییەکان لەپلەی دووەمدان بەرێژەی 33.5%. لەپلەی سێیەمیشدا، سایت و پۆرتاڵەکانی ئینتەرنێت دێن بە ڕێژەی 19.2%. لەکۆتایی ریزبەندییەکەشدا، ئێستگە رادیۆییە کوردیی و جیهانییەکان بە ڕێژەی 1.1% پشتیان پێدەبەسترێت. لەو ژمارانەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە رادیۆ وەک رۆژنامە لە کێبڕکێی دەزگاکانی میدیای سەردەمدا، زۆر لەدواوەن . راگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆی پیادە و ئۆتۆمبێلیش، وایکردووە زۆرینەی خەڵک نەتوانن وەک رۆژانی ئاسایی بە ئۆتۆمبیلەکانیان هاتووچۆ بکەن و گوێ لە رادیۆ بگرن، وەگەرنا لەدۆخی ئاساییدا رێژەی وەرگرتنی زانیاریی لەرێی رادیۆوە، لەم رێژەیەی ئێستا بەرزتر دەبێت.

4.3: لەپێشترین و گونجاوترین ژانری رۆژنامەوانیی بۆ بەئاگابوون و وەرگرتنی زانیاریی دەربارەی کۆڤید_19

| خشتەی 09: بۆ بەئاگابوون و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی کۆرۆناوە ، بۆ تۆ کام لەمانە لەپێشترو گونجاوترینیانە؟ | | |
|---|---|---|
| گونجاوترین ژانری میدیایی | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| هەواڵی بە پەلەی پەرەسەندنەکانی پەتای کۆرۆنا، لە ناوخۆو جیهاندا | 220 | 29.3 |
| وردەکاریی و ڕاپۆرتی ڤیدیۆیی لایەنەپەیوەندیدارەکانی تەندروستیی وئابووري... | 210 | 28 |
| بەردەوام پێشاندانی ئامارەکانی توشبوون ،چاکبوونەوە ، مردن ، لە ناوخۆو لە جیهاندا | 177 | 23.6 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ پسپۆرانی تەندروستی | 143 | 19.1 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

خشتەی ژمارە 09؛ ئەوە دەردەخات کە ریزبەندی لەپێشترین و گونجاوترین ژانری رۆژنامەوانیی بۆ گەیاندنی زانیاریی دەربارەی کۆڤید_19 بەپلەی یەکەم بۆ هەواڵی بەپەلەیە بەڕێژەی 29.3%. بەدوای ئەودا، وردەکاریی و راپۆرتی تەندروستیی و ئابووریی بەپلەی دووەم دێت بەرێژەی 28%. لەپلەی سێیەمیشدا، بەردەوام پیشاندانی ئامارەکانی ناوخۆ و جیهان دێت بەرێژەی 23.6%. لەکۆتایی ریزبەندییەکەشدا، دیداری تەلەڤزیۆنیی لەگەڵ پسپۆڕانی تەندروستییدا بە رێژەی 19.1% دێت.

دابەشبوونی ئەو ریزبەندییە، نیشاندەری ئەو راستییەیە کە جۆرێک لە بارگرژیی و نائارامیی دەروونیی باڵی بەسەر زۆرینەی خەڵکیدا کێشاوە. بۆیە هەواڵە بەپەلەکان، راپۆرتە میدیاییەکانی تەندروستیی و ئابووری، سات بەسات بینینی ئامارەکانی ناوخۆو جیهان، بەلای 81%ی بەشدارانەوە لەپێشترو گونجاوترن. لەو سۆنگەیەوە، توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە تێبینیی ئەوەیان کرد کە سەرباری مەترسییە راستەقینەکەی پەتاکە، خودی میدیاش لەرێی ئەو شیوازە وروژێنەرەی گرتوویەتیەبەر، هۆکارە بۆ شێواندنی دەروونیی و نائاسوودەیی خەڵک. لەو نێوەندەشدا، بەشێکی کەم لەبەشدارانی راپێوییەکە کە دەکاتە 19.1% دیداری تەلەڤزیۆنیی لەگەڵ پسپۆڕانی تەندروستیی بەلاوە لەپێشترو گونجاوترە، ئەو رێژەیەش دەکرێت نوێنەرایەتیی ئەو توێژە زۆر هۆشیارە بکات کە ئەقڵانیترە و بەبێ شڵەژان و بەهێمنیی چاودێریی بارودۆخەکە و پەیامەکانی میدیا دەکات.

5.3: دۆخی دەروونیی بەشداربووان لەکاتی بیستنی هەواڵی تووشبووی نوێ یان مردن بە کۆڤید_19

| |
|---|
| خشتەی 10: کاتێك هەواڵی تووشبوونی نوێ یان مردنی تووشبوویەکی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا دەبیستی، هەست بەچی دەکەیت ؟ ( بۆت هەیە لە بژاردەیەک زیاتر دیاری بکەیت ). |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| جۆری هەست | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
|---|---|---|
| پێمناخۆشە | 510 | 68 |
| خەمی پێدەخۆم | 339 | 45 |
| دەترسم | 130 | 17 |
| بەلامەوە ئاساییە | 68 | 9 |
| توڕەدەبم | 45 | 6 |

لەخشتەی ژمارە 10دا، جۆرێک لەنائارامیی دەروونیی زۆرینەی بەشدارانی راپێوییەکە لەدوو هەستی ئازاربەخشدا بەرجەستە دەبێت. یەکەمیان بەڕێژەیەکی زۆر بەرز کە دەکاتە 68%، پێیناخۆش دەبێت کاتێک هەواڵی تووشبوویەکی نوێ یان مردن بە کۆڤید_19 دەبیستێت. لەپلەی دوومیشدا، 45%ی بەشداران بەبیستنی ئەوجۆرە هەواڵانە، خەم دایاندەگرێ. لەپلەی سێیەمداو بەڕێژەی 17% ی بەشداران هەست بە ترس دەکەن کاتێک ئەوجۆرە هەواڵانە دەبیستن. ئەو سێ جۆرە هەستە، لەو هەستانەن کە مرۆڤی هەستناسکیان پێدەناسرێتەوە. هاوکات 6%ی بەشداران هەست بە توڕەیی دەکەن، ئەوەش لەئەنجامی هۆشیاریی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و کەمووکورتیی دەوروبەرەوە دروستدەبێت، بەڵام لەهەموویان سەرنجڕاکێشتر ئەو کەمینەیەی بەشدارانە کە دەکاتە 9% و بەهەستێکی ساردەوە وەڵامیداوەتەوە کە بیستنی ئەو جۆرە هەواڵانەی بەلاوە ئاساییە.

6.3: پەیامی میدیایی خۆپارێزیی لەبارەی کۆڤید_19و ڕێژەی پابەندبوونی هاووڵاتیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| خشتەی 11: ڕێژەی پابەندبوونت بەو ڕێنوماییانەی لە میدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە بۆ خۆپارێزی لە کۆرۆنا، لە چ ئاستێکدایە؟ | | |
|---|---|---|
| ئاستی پابەندبوون | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| بەتەواوی پابەندم | 608 | 81 |
| پابەندبوونم کەمە | 134 | 18 |
| پابەندبوونم نیە و گرنگی بە ڕێنوماییەکانی میدیا نادەم | 8 | 1 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

لەخشتەی ژمارە 11دا، ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی هەرەزۆری بەشداران کە دەکاتە 81%، بەتەواوی پابەنـدن بەو رێنماییـانەی لەمیـدیاکانەوە لەبـارەی خۆپـارێزیی کۆڤیـد_19ەوە بڵـاودەکرێنەوە. بەپێچەوانەشـەوە، 18%ی بەشـدارانی راپێـوییەکە پابەندبوونیان کەمە و بەتەنیا 1%ی بەشداران هیچجۆرە پابەندبوونێکی بە رێنماییەکانەوە نییەو گرنگیشیان پێنادات. لێرەوە، داتاکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە هۆشیاریی تەندروستیی ئەم سامپڵەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە بواری پابەندبوونیاندا بە رێنماییە پزیشکیی و تەندروستییەکانەوە لەبارەی خۆپارێزیی لەکۆڤید_19، زۆر بەرزە. ئەوەش ئەو تێبینیانەی توێژەران زیاتر پشتڕاستدەکاتەوە کە لەیەکەم تاقیکردنەوەی ڕووماڵکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ پەتایەکی جیهانیی وەک کۆڤید_19دا، پەیامی میدیایی میدیاکان ئامانجدارترو نیشتمانییتر بوو. هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەبەراورد بەرابردوو، لەرێگەی پێگەی فەرمیی خۆی و وەزارەتەکانەوە ئاستێکی دیکەی شەفافیەتی حکومەتی لەبڵاوکردنەوەی ژمارەی تووشبوان و راگەیاندنی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی پەتاکەی پیشاندا.

7.3: پەیامی میدیایی خۆپارێزیی لەبارەی کۆڤید_19و رێژەی پابەندبوونی ئەندامانی خانەوادەکان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| خشتەی 12: پابەندبوونی ئەندامانی خانەوادەکەت بەو ڕێنومایانەی لە میدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە بۆ خۆپارێزی لە کۆرۆنا، لە چ ئاستێکدایە ؟ | | |
|---|---|---|
| ئاستی پابەندبوونی ئەندامانی خێزان | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| هەموویان پابەندن | 600 | 80 |
| تەنیا هەندێکیان پابەندن | 142 | 19 |
| پابەندبوونیان نیە و گرنگی بە ڕێنماییەکانی میدیا نادەن | 8 | 1 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

خشتەی ژمارە 12، دڵنیایی لەبارەی داتاکانی خشتەی پێشوو دەخاتەڕوو، ئەویش بەهۆی زۆر نزیکیی ڕێژەکان لە یەکترییەوە، چونکە ڕێژەی پابەندبوونی ئەندامانی خانەوادەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. ئەوەش دەکرێت ببێتە بەڵگەیەکی دیکە لەسەر بەرزیی ئاستی هۆشیاریی زۆرینەی هاووڵاتیان لەمامەڵەکردنیاندا لەگەڵ ئەو زانیاریی و ڕێنماییە خۆپارێزیانەی لەپەیامی میدیایی کەناڵە جیاجیاکانەوە دەربارەی هۆشیاری تەندروستیی پەتای کۆڤید_19 پێیاندەگات. هەروەها ئەو ڕێژە زۆر کەمەی پابەندنەبوونیش کە دەکاتە 1%ی بەشداران و ئەندامانی خانەوادەکانیان، وێنەیەکی راستەقینەی هەڵسوکەوتی کەمینەیەکی هاووڵاتیانی کۆڤیدژە دەخاتەڕوو کە زۆرجار دەبنە مایەی جۆرێک لە ئاژاوەو پشێویی و دروستکردنی مەترسی لەسەر کۆی پابەندبووانی کۆمەڵگە.

8.3: کاریگەرترین شێوازی داڕشتنی پەیامی میدیایی دەربارەی کۆڤید_19

| خشتەی 13: بەلای تۆوە کام لەم شێوازانەی داڕشتنی پەیامی میدیایی لەبارەی کۆرۆناوە کاریگەرترینیانە |
|---|

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ؟ | | |
|---|---|---|
| شێوازی پەیام | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| هۆشیارکردنەوەو پێدانی ڕێنومایی بۆخۆپارێزی لە کۆرۆنا | 487 | 65 |
| خستنە ڕووی ئامارەکانی تووشبوون ومردن بەهۆی کۆرۆناوە | 145 | 20 |
| گێڕانەوەو پێشاندانی چیرۆک و بەسەرهاتی تووشبووان بە کۆرۆنا | 113 | 15 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

خشتەی ژمارە 13، ئەوە نیشان دەدات کە زۆرینەی بەشدارانی راپێوییەکە بەڕێژەی 65%، شێوازی هۆشیارکردنەوەو پێدانی رێنمایی بۆ خۆپارێزیی لە کۆڤید_19یان بەلاوە کاریگەرترین شێوازی داڕشتنی پەیامی میدیایە. ئەوەش نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە هێشتا زۆرینەی خەڵک هۆشیارییان لەبارەی پەتایەکی جیهانیی وەک ڤایرۆسی کۆرۆناوە قۆناغی ترسی تێنەپەڕاندووەو مەبەستێتی هەرچی زیاترە رێنمایی خۆپارێزیی پێبدرێت. هاوکات 20%ی بەشدارانیش بڕوایان وایە کە خستنەڕووی ئامارەکانی تووشبوون و مردن بەهۆی کۆڤید_19 کاریگەرترین شێوازی پەیامی میدیاییە و 15%یش گێڕانەوەو پیشاندانی چیرۆک و بەسەرهاتی تووشبووان بە کۆڤید_19، بە کاریگەرترین دەزانن.

9.3: پاڵنەرەکانی پشت کاریگەرترین شێوازی داڕشتنی پەیامی میدیایی دەربارەی کۆڤید_19

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| خشتەی 14: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا بژاردەیەکت دیاریکرد ، هۆکاری چی بوو ؟ کام لەم وەڵامانە نزیکترینیانە لە بۆچوونی تۆوە ؟ | | |
|---|---|---|
| جۆری پاڵنەر | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| چونکە هەموومان پێویستیمان بە هۆشیاریی تەندروستییە | 472 | 63 |
| چونکە کەسانێک هەن تا نەترسێن و پابەندی ڕێنماییەکان نابن | 173 | 23 |
| چونکە لە بەسەرهاتی ناخۆشی خەڵکی دیکە پەند وەردەگرین | 105 | 14 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

لەخشتەی ژمارە 14دا، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتیی خەڵک لەبارودۆخێکی وەک دۆخی ژیانی مشتەی تویژینەوەکەدا، لەژێر کاریگەریی یەکێک لە جۆرەکانی مەیلدارییدا بیردەکاتەوەو هەڵسوکەوت دەکات: مەیلداریی ئەقڵی (الاستماله العقلیه)، مەیلداریی سۆزداری (الاستماله العاطفیه)و مەیلداریی ترساندن (الاستماله التخویفیه) . واتە مرۆڤەکان یان لەژێر کاریگەریی ئەقڵ و لۆژیک و هۆشیارییدا بیردەکەنەوە و هەڵوێست دەنوێنن یان لەژێر کاریگەریی هەڵچوونە سۆزدارییەکاندا بیردەکەنەوەو هەڵوێستی خۆیان نیشاندەدەن ئەگەر نا لەژێر کاریگەریی ترس و بیم و سامدا بیردەکەنەوەو هەڵوێست دەنوێنن. داتاکانی ئەم خشتەیە، تاڕادەیەک چەند ڕاستییەک دەربارەی ئاستی تێگەیشتنی توێژە جیاجیاکانی مشتەکە دەربارەی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتیی دەخەنەڕوو. بۆنمونە، بەرزترین ڕێژەی بەشداران کە دەکاتە 63% دەڵێن بۆیە لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا بەڕێژەی 65% "هۆشیارکردنەوەو پێدانی ڕێنمایی بۆخۆپارێزی لە کۆرۆنا"یان هەڵبژاردووە، "چونکە هەموومان پێویستیمان بە هۆشیاریی تەندروستیی هەیە". واتا ئەو ڕێژەیە پێیوایە خەڵک بەگشتیی لەژێر کاریگەریی مەیلداریی ئەقڵییدان، لەبەرئەوە پێویستیان بەپەیامی میدیایی ئەقڵانییە. هەروەها 23%ی بەشداران پێیانوایە بەشێک لە کۆمەڵگە لەژێر کاریگەریی مەیلداریی ترس و سامدا بیردەکاتەوە و هەڵوێست دەنوێنین، لەبەرئەوەی "کەسانێک هەن تا نەترسێن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پابەندی ڕێنومایییەکان نابن". ڕێژەی ئەوانەی ئەم تێگەیشتنەیان هەیە، زۆر نزیکە لەو ڕێژەیەی بەرامبەر بەوەڵامی "خستنەڕووی ئامارەکانی تووشبوون و مردن بەهۆی کۆرۆناوە"ی هەڵبژاردووە لەپرسیاری پێشتردا کە ڕێژەکەی 20%ی مشتەی توێژینەوەکە بوو. لەبەرامبەردا، 14%ی بەشداران پێیانوایە "لە بەسەرهاتی ناخۆشی خەڵکی دیکەوە، پەند وەردەگرین". ئەمەیش واتای ئەوەیە کە بەلای 14%ی بەشدارانەوە، کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەریی سۆزو عاتیفەدا بیردەکاتەوەو هەڵوێست دەنوێنن. ئەم ڕێژەیەش زۆر نزیکە لە ڕێژەی ئەوانەی لەپرسیاری پێشوودا شێوازی "گێڕانەوەو پێشاندانی چیرۆک و بەسەرهاتی تووشبووان بە کۆرۆنا"یان بە کاریگەر دانابوو.

10.3: ئاستی مامەڵەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەگەڵ کۆڤید_19دا

| خشتەی 15: بەڕای تۆ مامەڵەی تەلەڤیزیۆنی کوردیی لەگەڵ پرسی کۆرۆنادا لە چ ئاستێکدایە ؟ | | |
|---|---|---|
| ئاستی مامەڵەی تەلەڤیزیۆنی کوردی | بەژمارە | بە ڕێژەی % |
| چالاکەو هۆشیاریی تەندروستی بڵاودەکاتەوە | 480 | 64 |
| ناڕێک و شپرزەیەو ترس و دڵەڕاوکێ بڵاودەکاتەوە | 165 | 22 |
| نازانم | 105 | 14 |
| کۆی گشتی | 750 | % 100 |

لەخشتەی ژمارە 15دا، ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەشدارانی راپێوییەکە بە ڕێژەی 64% پێیانوایە مامەڵەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەپرسی کۆڤید_19دا، ئەرێنییەو رۆڵێکی چالاکیان هەبووە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستییدا. هاوکات 22%ی بەشداران بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەیان هەبووەو ئەو رۆڵەیان بە نەرێنیی هەڵسەنگاندووە و پێیانوایە مامەڵەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان ناڕێک و شپرزەیەو ترس و دڵەڕاوکێ بڵاودەکەنەوە. لەو نێوەندەشدا، بەشێکی بەشداران کە ڕێژەکەشیان کەم نییە و 14%ی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکدەهێنن، بە "نازانم" هەڵسەنگاندنیان بۆ مامەڵەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان کردووە کە ئەوەش دەکرێت ببێتە نیشانەیەکی دیکەی راستگۆیی و راشکاویی بەشدارانی راپێوییەکە لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا.

4 : ئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

دوابەدوای گرتنەبەری سەرجەم رێکارەکانی رێبازی توێژینەوەی زانستی، توێژەران گەیشتنە بە چەند ئەنجامێک کە وەڵامدەرەوەی ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەن:

1. ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاریی هاووڵاتیان لەهەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت کەسانی بەتەمەن و بەئەزموون، هەروەها گەنج و خوێندەواری خاوەن هێزو بازووی کار بۆ ئەو پەیامە میدیایانەی لەبارەی پەتای کۆڤید-19ەوە، پەخش و بڵاوکراونەتەوە، لەئاستێکی بەرزدا بووە . ئەوەش بەڵگەیە لەسەر رۆڵی ئەرێنیی میدیاکان کە توانیویانە بەجۆرێک پەیامی تەندروستی بەرهەمبهێنن و پەخش و بڵاوی بکەنەوە کە قەناعەتی بە وەرگرەکانیان هێناوە و وایکردووە پابەندی رێنماییەکان بن.
2. رادەی پابەندبوونی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو رێنمایی و پەیامە میدیایانەی لەبارەی پەتای کۆڤید-19ەوە، لە میدیاکانەوە پەخش و بڵاوکراونەتەوە، لەئاستێکی بەرزدایە. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە میدیای کوردیی و شێوازی داڕشتنی پەیامەکانی توانیویەتی کاریگەریی لەسەر وەرگرەکان دابنێ و ببێتە سەرچاوەی زانیاریی و هۆشیاری تەندروستیی لەبارەی پەتاکەوە.
3. میدیای نوێی دیجیتاڵیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپلەی یەکەم و میدیای پەخشکراو لەنێویشیاندا تەلەڤزیۆنە کوردیی و جیهانییەکان بەپلەی دووەم، سەرچاوەی سەرەکیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانن بۆ وەرگرتنی زانیاریی و هەواڵی نوێ دەربارەی پەتای کۆڤید-19.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. کەمینەیەک لە خەڵکی هەرێمی کوردستان هێشتا گرنگیی بە هیچ رێنمایی و پەیامێکی میدیایی نادەن و پێیانەوە پابەند نابن. ئەوانەش دەشێت لەو توێژە بن کە رۆژانە لەچەشنە جیاوازەکانی میدیای کلاسیک و نوێیوە بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبینرێن و بەهەڵوێست و رەفتارەکانیان بوونەتە مایەی مەترسیی بۆسەر خۆیان و کۆی کۆمەڵگەش.

5. رێژەیەکی زۆر بەرزی بەشداربووانی راپێوییەکە جۆرێک لە نائارامیی دەروونییان پێشانداوە لەبەرامبەر هەواڵی تووشبوون یان مردنی کەسانێک بە پەتای کرۆنا چ لە جیهان و چ لەناو هەرێمدا. نائارامییەکانیان لەچەند جۆر هەستی ئازاربەخشدا بەرجەستەدەبن، لەوانە: پێناخۆشبوون، خەمخواردن، ترس و تووڕەبوون.

6. لەنێو ژانرە رۆژنامەوانییەکاندا، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی پەیامی میدیایی لەبارەی کۆڤید_19ەوە، ئەگەرچی کەمتر پشت بەدیداری تەلەڤزیۆنیی لەگەڵ پسپۆرانی تەندروستییدا دەبەستن و زۆر گرنگیی پێنادەن، بەڵام زۆرتر پشت بە هەواڵی بەپەلە، راپۆرتی ڤیدیۆیی تەندروستیی و ئابووری، بەردەوام پیشاندانی ئاماری تووشبوون و چاکبوونەوەو مردن بە کۆرۆنا دەبەستن و لەلایان بایەخدارە.

7. زۆرینەی بەشداربووانی راپێوییەکە بڕوایان وایە کە پێویستە پەیامەکانی میدیا لەبارەی کۆرۆناوە روویان لە ئەقڵ و هۆشیاریی خەڵک بێت، چونکە هەمووان پێویستییان بە هۆشیاری تەندروستیی هەیە. رێژەیەکی کەمیش پێیانوایە پێویستە پەیامەکانی میدیا لەبارەی کۆرۆناوە روویان لە هەستی ترس و بیمی خەڵک بێت، چونکە کەسانێک هەن تا نەترسێن مل نادەن و پابەندی رێنماییەکان نابن. رێژەیەکی کەمتریش پێیانوایە پێویستە پەیامەکانی میدیا لەبارەی کۆرۆناوە روویان لە سۆز و عاتیفەی خەڵک بێت، چونکە لە بەسەرهاتە ناخۆشەکانی ژیانی خەڵکانی دیکەوە، پەند وەردەگرن.

8. زۆرینەی بەشداربووانی راپێوییەکە هەڵسەنگاندنیان ئەرێنیی بووە بۆ ئاست و شێوازی مامەڵەکردنی تەلەڤزیۆنی کوردیی لەگەڵ پرسی کۆرۆنادا. هاوکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێژەیەکی کەمیش بە نەرێنیی هەڵسەنگانیان بۆ کردووەو بە ناڕێک و شپرزەو هۆکاری بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ ناویان بردووە.

5 : ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

1. پێویستە میدیاکان، پەیامی میدیایی خۆیان بەجۆرێک دابڕێژنەوە کە بایەخی زیاتر بە لایەنی ئەقڵیی و هۆشیاریی بدات. بەپێچەوانەشەوە، پێویستە پەیامی ترس و بیم و هەواڵی ناخۆش کەمتر بکەنەوەو ڕەچاوی دۆخی دەروونیی وەرگرەکانی بکات. بەتایبەت لەسەروەختی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی و قەیرانەکان و کارەساتە سروشتییەکاندا. واتە زۆر گرنگە پەیامی میدیایی میدیاکان نەبێتەهۆی ڕەشبینیی و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین لەنێو خەڵکدا.
2. پێویستە حکومەت، شەفافیەتی زیاتر لەبڵاوکردنەوەو خستنەڕووی زانیاریی تایبەت بەپەتای کۆڤید_19 پەیڕەو بکات و تەنیا خۆی سەرچاوەی سەرەکیی و یەکەمیی زانیاریی و هەواڵەکان بێت. بۆئەوەی ڕێگەبگرێت لە ساختەهەواڵ و زانیاریی تۆقێنەر. هەروەها لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە هەواڵانەدا بەدەنگ و ڕەنگ و تەکنیکی پێشکەوتووی میدیایی وەڵامی نیگەرانییەکانی هاووڵاتیان بدرێتەوەو تۆمەت و واتەواتی نێو هەندێ میدیای نابەرپرس و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدرۆبخرێتەوە.
3. پێوستە توێژەران، بایەخی زیاتر بە کۆڤید_19و دەرهاویشتەکانی بدەن و لەگۆشەنیگای جیاجیاو بەکارهێنانی ڕێبازی توێژینەوەی چۆنایەتیی لێی وردببنەوەو لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن. بەتایبەت ئێستا توێژینەوەی فرەپسپۆڕی لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی جیهاندا ڕۆڵ و بایەخی زۆری هەیە. بۆیە باشترە توێژینەوەی هاوبەش لە نێوان پسپۆڕانی زانستە پەتیی و مرۆیی و پزیشکییەکاندا ئەنجامبدرێت و ئەنجامەکانیان بکرێنە بەردی بناغەی داڕشتنی پلان و پرۆژەو پرۆگرامی لایەنە پەیوەندییدارەکان.

6 : پەراوێز و سەرچاوەکانی توێژینەوە

*فەرهەنگە ئینگلیزییەکان چەمکێکی نوێیان خستوەتەروو کە بە کۆڤیدییەت «Covidiot» ناساندیان. ئەم چەمکە نوێییە لەهەردوو وشەی Covid_19 و Idiot داڕێژراوە. یەکەمیان کورتکراوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای 2019یەو دووەمیان بەواتای گەمژە دێت و پێکەوە مەبەست لێیان ئەو کەسانەیە کە ڕێنماییە خۆپارێزییەکانی تایبەت بە ئاسایش و تەندروستیی گشتیی لەبەرچاوناگرن و قەیرانسازن، ئەویش لەرێی بەهەڵپە کۆکردنەوەو کڕینی شتوومەکی زۆر و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ بۆهاوسێکانیان. لەو سۆنگەیەوە یەکێ لە توێژەرانی ئەم تویژینەوەیە پێیوایە لەبەرامبەر چەمکی کۆڤیدییەت لە زمانی کوردییدا دەکرێت چەمکی «کۆڤیدژە» بۆ هەمان واتا پێشنیاز بکرێت کە لەیەکگرتنی دەستەواژەی «کۆڤید_19» و وشەی«گەمژە» پێکهاتووە.

سەرچاوەکان :

1. ايمن مزاهرة: علم اجتماع الصحة ط، 1 ،دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، الاردن، 2009 ،
2. بەهرۆز جەعفەر، 2020. لەپاڵ پەتا جیهانیەکانەوە: تێگەیشتنێکی تیۆریی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەردەستە لەم بەستەرەدا: http://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=182&fbclid=IwAR0-gVD73yXen4OKPuG6FPu0M_ka7SluqxbDa_s8fgVTsVJwZG6uPK5GjYQ .
3. حسن عماد مكاوي، ليلى حسين السيد، الاتصال ونظرياته المعاصرة، ط1، الدار المصرية اللبنانية، مصر، 1998
4. د.شـوان ئـادەم ئەیـڤەس، (2020). کۆڤیـدژە، بەردەسـتە لەم بەسـتەرەدا: https://www.facebook.com/191366374611308/posts/949514198796518/?d=n .
5. شـوق أسـعد محمـود ، علـم الإجتمـاع الطبـي، ط1،دار البدايـة، ناشـرون و موزعون،مصر، 2012 .

6. د.هێرش رەسوڵ و یادگار عەلی و دەشتی عەلی، (2020). رۆڵی فەیسبوك لەبڵاوكردنەوەی هۆشیاریی سەبارەت بەنەخۆشی كۆرۆنا. بەردەستە لەم بەستەرەدا: https://chmk.org/ku/corona-virus-and-kurdish-social-media/ .

7. ماڵپەری رێكخراوی تەندروستیی جیهان، (2020). كۆنگرەی ئاسایشی میونشن. بەردەستە لەم بەستەرەدا: https://www.who.int/dg/speeches/detail/munich-security-conference.

8. محمد عبدالحميد، نظريات الإعلام وإتجاهات التأثير ط2، دار الكتب، 2000

9. موريس اديب جهشان ، الإعلام فن الإتصال والتواصل،سلسلة التثقيف الإعلامي ج2، الإتحاد الكاثوليكي العالمي للصحافة، لبنان، 2005 .

10. شوق اسعد محمود: علم الاجتماع الطبي ط، 1 ،دار البداية موزعون وناشرون، مصر، 2012 ،ص 129.

11. World Health Organization. (2020). General's opening remarks at the media briefing on COVID-19 - 11 March 2020. Retrieved from General's opening remarks at the media briefing on COVID-19 - 11 March 2020.03.

12. Aivas, Sh, A. (2017). *Kurdish Journalism Cultures; Shifting Boundaries of Privacy Understandings amongst Professional Role Orientations of Journalists*. (Doctoral dissertation, University of Nottingham Trent).

13. Campbell, K. M., & Doshi, R. (2020). The coronavirus could reshape global order. *Foreign Affairs*, 18

*14.* Depoux, A., Martin, S., Karafillakis, E., Preet, R., Wilder-Smith, A., & Larson, H. (2020). The pandemic of social media panic travels faster than the COVID-19 outbreak. *Journal of Travel Medicine.*

*15.* **https://p.dw.com/p/3aAJP** *28.3.2020*

16. **Effiong, A. I., Nseobot, I. R., Johnny, A. E., Frank, E. I., Abere, O. J., Essien, M. O., & Ukpong, E. S. (2020). Assessment of Nigerian Television Authority (NTA) Ongoing Programme Awareness Campaigns on Corona Virus in Nigeria. *Electronic Research Journal of Social Sciences and Humanities, 2.***

17. **Ireton, C., & Posetti, J. (2018). *Journalism, fake news & disinformation: handbook for journalism education and training*. UNESCO Publishing.**

18. **Syan, K. A. Q. (2017). *Media in an emergent democracy: the development of online journalism in the Kurdistan region of Iraq* (Doctoral dissertation, University of Bradford).**

19. **Unesco Website. (2020). In Viet Nam, UNESCO calls to end fake news and disinformation and highlights the importance of quality media coverage.Retrie ved from: https://en.unesco.org/news/viet-nam-unesco-calls-end-fake-news-and-disinformation-and-highlights-importance-quality-media.**

## (Media Messages, And Its Effect On the Health Awareness of the Citizens, COVID-19, During The Curfew in The Kurdistan Region of Iraq)

**BAHAT HASEEB QARADAKHI**

Media Techniqu Department, Erbil Administration Technical College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Iraq

**SHWAN ADAM AIVAS**

Media Techniqu Department, Slemani Polytechnic University, Slemani, Iraq

***Key words:***

***(Media messages, Health awareness, COVID-19, curfew, Kurdistan Region)***

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This study is an attempt to evaluate the effectiveness of media messages related to the Corona Virus pandemic (COVID-19) on the health awareness of media users. The period of wandering was determined from 14 March to 16 April 2020, in the Kurdistan Region of Iraq and a timeframe and the responses of 750 respondents distributed in the four governorates of the region. After analyzing the responses to the questionnaire survey, the study reached several results, most notably: Media messages have a significant impact on the awareness of the recipient audience and have managed to persuade the vast majority of them to adhere to the health authorities ’instructions. Social media networks ranked first among the traditional and new media, in terms of their approval by the public as a primary source for providing information and news related to the COVID-19 pandemic, followed by Kurdish and international TV channels in second place. Among other results, the study showed that most of the respondents prefer breaking news and news over the talk shows with health professionals. A small minority of respondents are still indifferent to health instructions and do not care about media messages. Finally, it became clear that the majority believes that the media should consider the psychological state of the receiving audience and reduce the publication of negative and painful news about the COVID-19 pandemic, natural disasters and various crises.

## مستخلص:

ان هذه الدراسة هي محاولة لتقييم فاعلية الرسائل الإعلامية المتعلقة بجائحة كورونا فايروس (كوفيد ـ 19 ) على الوعي الصحي لمستخدمي الوسائل الإعلامية . حددت فترة حضر التجوال من 14 آذار الى 16 نيسان 2020 في اقليم كوردستان ـ العراق إطارا زمنيا و ردود 750 فردا مبحوثا من محافظات الإقليم الأربعة. وبعد تحليل الردود على اسئلة استمارة الإستبيان، توصلت الدراسة الى نتائج عدة من أبرزها : إن للرسائل الإعلامية تأثيرا كبيرا على وعي الجمهور المتلقي و استطاعت أن تقنع الغالبية العظمى

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

منهم بالإلتزام بتعليمات الجهات الصحية . وحصلت شبكات التواصل الإجتماعي على المرتبة الأولى من بين وسائل الإعلام التقليدية و الجديدة ، من حيث اعتمادها من قبل الجمهور كمصدر أساسي للتزود بالمعلومات والأخبار المتعلقة بجائحة كورونا، تليها القنوات التلفزيونية الكوردية والعالمية في المرتبة الثانية. ومن النتائج الأخرى ، أظهرت الدراسة ان معظم المبحوثين يفضلون الأخبار والأخبار العاجلة على البرامج الحوارية مع متخصصين في المجال الصحي. وان اقلية ضئيلة من المبحوثين مازالت غير مبالية بالتعليمات الصحية ولا تعير إهتماما بالرسائل الإعلامية . وأخيرا تبين إن الغالبية ترى ان على وسائل الإعلام مراعاة الحالة النفسية للجمهور المتلقي و التقليل من نشر ألأخبار السلبية والمؤلمة عن جائحة كورونا والكوارث الطبيعية ومختلف الأزمات.